کۆمەڵەی تاوانبار یان
لێکۆڵینەوەی سەقەت.
وەڵامێک بۆ ئەیوب ئەیوبزادە ئەحمەد بەهرامی

07/7/ 14

2

هەر وەک لە باسی پێشدا ئیشارەم پێکرد، ئەیوبزادە سەرمەستانە لەگەڵ بەڵگەکانی کۆمەڵە کەوتۆتە دوان، ئەویش بۆ کوتنی ڕاستی؟ یان چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنیان. ئەوەی دیارە و لە قسەکانیدا ڕوونن، نووسینی ئەو بۆ خۆشیرنکردن و پۆزی لێکۆڵەوەر لەبواری مێژوودایە! بۆ چەواشەی ڕاستی و داپۆشینی لولەی تفەنگ لە رووی قەڵەم. بۆ داپۆشینی دەسەڵاتی تاک رەوی و خۆشکردنی دووبارەی هەڵکوتانە سەر قسە و قەڵەم. بۆ بڕینی زمانی دیموکڕاسی! بۆیەش ئەیوبزادە قەڵەمێکی نووک ژەنگاوی لە موڕەکەبی مێژوویەکدا مشتومالدەدات.جەنابی لێکۆڵەوەر ئەوەی لەم مێژووەدا تۆ خۆت لێبواردوە؟ بەدەستی ئەنقەست و خۆدزینەوە ناتەوێ بەلایدا بڕۆی! ئەوە ڕاستییە لەتوێی لاپەڕەی مێژووی بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا تۆمارن. کە تۆش ناچیە سەریان! ئەگەر وەک لێکۆڵەرەوەی مێژووی بێلایەن چاویان پێدا بخشێنی،ئیدی دەزانی وناتوانی یەک لایەنە قسە بکەی.جا بۆیە ناتەوێ <u>بچیە سەر هەموو وردە مەسائیلەکانی دەخیل و مەوجود لەم بزووتنەوەیەدا. بەڵام لەبەر ئەوە ناتەوێ دەسەڵاتی قەڵەموو زمان بەرفراوان بێ! تۆ لە نووسراوەکەتدا ئەوەت سەلماندوە، کە لایەنگری زۆرو تفەنگی و لایەنگری کوشتار و سەربڕینی.</u>
ئەیوبزادە تۆ لە ناو ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکڕاتا بووی و دەبێ ئەو کۆگا ئاڕشیوە دەوڵەمەندەت دیبێ؟ دەبێ ئەو لاپەڕانەشت هەڵدابنەوە دژی ڕەوتی ئەو دەورانە و هەموو کار شکێنی و خۆلادانێک. کە چیان کوتوەو چۆن دواون؟ ئەی بۆ قەڵەمەکەت لە ئاست ئەمانەدا سەرەنگر دەبەن و ناوێری ئاوڕ لەم باسانە بدەیەوە! ئەی بۆ قەڵەمەکەت بۆ لایەنێک ئەویش کۆمەڵەیە بێ لەرزەو پڕەنگە؟ بەتەمای چی و کام قوژبنت بۆ خۆت و بۆ ئەم ناڕاستییانەت دانەوە. بۆ ناتەوێ ئەوە بڵێیی کە ئەی بۆ لەلایەن هێرشی حیزبی تورە لە قسە و لەقەڵەم، حیزبی ترسەنۆک لەدیالۆگ و هەڵاهاتن لەڕووی وتارا، چیکراون و چ کارەساتێک خوڵقاون!!.
برادەری بەڕێز، دەزانم لە توێی بیرەوەریە شڕەکەی ئیرجی فەرزادەوە کەوە لە دوو هەزارو یەکدا بۆی ناردی. تا تۆ لە زمان کەسێکی تری دژی کۆمەڵە و دژی بزووتنەوەی کوردستانەوە، بەسەر مێژووی کۆمەڵەدا تەراتێن بکەی. ئەوەی ئەو بۆتی نووسی و بۆی ناردی وک بیرەوەری خۆی و ژیانی سیاسی خۆی و مەوقعیەتی کۆمەڵە بۆی نوویسوی، ناڕاستن و تەنیا ناوی کەسەکان، ئەویش بەناتەواوی دروستن. لەبەر ئەوە ئەو سەر چاوەیە ناتوانێ زمان حاڵی مێژووی کۆمەڵە بێت. چونکە ناتوانێ بێلایەن بێ و باسی مێژوو بنووسێ.ئاخر ئەویش مەنسوری حیکمەتی کردۆتە قارەمانی مێژووی کۆمەڵە، کە پشتی بەم مێژووەوە نەهێشا و لە سەریشی بووە خاوەن ناو. تۆش لایەنگری شەق و تفەنگ و زۆری و قەڵەم و وتار بەتاوانبار دەزانی، بۆیە بێ لایەنی خۆتان نەپاراستوە!.
شتێکی تر کە لە بەشی ئەوەڵدا ئیشارەم پێکردن، لە سەر دەوری کۆمەڵە بەخزمەکردنی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بوون. کۆمەڵە سەرەڕای ئەوە لە تاراوگەدا دەژی و ژیاوە، دەیان کتێب و بابەت و نامیلکەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، کاری بۆ کردون و بەقەڵەمی پاراوو ڕەسەنی کوردی وەرگێڕاونە سەر زمانی کوردی. ئەم کارە بۆ خزمەت بە زمان و فەرهەنگی

کوردی بوون و بەرگری لەزمانی کوردی کردوە. کە موقایسە لەگەڵ تەواوی حیزبی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، تاساڵی 1992دوای ڕزگاری کوردستانی ئێراق، کۆمەڵە دەوری ئەوەڵ و سەرەکی نواندوە. تەنیا ئەوە نەبێ دوو ساڵ ئەویش کۆمەڵە کەوتە دەستی تاقمی شوڤێنزمی کومونیزمی کاریگەری ئەم ڕەوتە تووشی نسکۆ بوو، دەنا دەوری کاریگەرو هەڵسوڕاوی نواندوە. کەسێک لە مێژوو بکۆڵێتەوە، ناکرێ لە ڕووی قین و تووڕە بوونەوە بدوێ! مێژوو وتاری سەر جادە نییە، بابەتی ڕێکخراوەی نییە. بۆیە ئەمانەتی دەوێ و وەک خزمەت بە کۆمەڵگا دەبی چاوی لێبکرێ.

## درێژەی بابەتی پێشوو

ئەیوبزادە هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی نووسراوەکەیدا، توشی ئەزمەی فکری دەبێ. دەیەوێت **ئەوە بەخوێنەر بڵی کە، ئەوە قسە و قسەڵۆکی تیوری و پینەوپەڕۆی تیورین بوونە هۆی شەڕ!** ئەگەر ئەو قسەڵۆکانە نەبوایە ئیدی شتی وا کوشندە ڕووی لە ماڵی کورد نەدەکرد! نووسەری وردبین بێ ئەوەی خۆی ئاگاداری وتەکانی خۆی بێ، کە چۆن دژی قسەو زمانی دیالۆگ بۆتەوەو چۆن هەوڵی کوشتنی دیالۆگدەدات. هەر بەم وتانەی خۆی، خۆی مەحکومدەکات! ئاگای لەمانای وتەکانی خۆی نییە کە دەڵی چی و چۆن لەمێژوو دەکۆڵێتەوە. لەبەر ئەوە وای خۆ لێ گوم بووە! نازانێ چۆن بەگژ مێژوودا بچێتەوەو نازانێ چۆن و بەچ زمانێک، کۆمەڵە خەتابار بداتە قەڵەم. توشی سەرلێ شێواوی فکری بووەو سەرگەردان قەڵەم دەسووڕینی. بە بێ ئەوە بیر بکاتەوە، یان لە ئەقلی خۆی پرسیار بکات، کە ئایا هەر کۆمەڵە بووە لەم بزووتنەوەیەدا؟ حیزبی و لایەنی تر حزوریان نیە و غایبن؟ کەس خڕەی چەخماخی تفەنگی نەهاتووە! ئەوانیتر سەریان دانەواندوەو بەخیتابی سیاسی و زمانی دیالۆگ دەدوێن. هەر کۆمەڵە بەچەخماخەی خیتابی سیاسی، ئاوری لە سەنگەری سیاسی کورد بەردا! ئەمە نابینێ ومتەق لەدەمیەوە دەرنایەت ئەمە لەلایەک.

لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو تۆڕەی تۆ هۆنیوتەتەوە بۆگرتنی کۆمەڵە و زیندانی کردنی، بۆ بەندکردنی خیتابی چەپ تەواو دڕاوە. ئەوەی تۆ و هەر کەسی تر بەدواوەی بن، دەمێکە لەدەستتان دەرچووە. لەبەر ئەوە کۆمەڵگای کوردستان ئیدی ئەو کۆمەڵگا قەتیس و گوێڕایەڵە نییە، تۆ و زاتی وەک تۆ پەلکێشی کەن. ئەو کوێرەش نییە بەدلخواز لە هەر لەکەندەڵانێکی هاوی. بۆیە ئیدی زمانی قەڵەموو لاپەڕەی ڕۆژنامەو تۆڕی ئینتەرنێتین، دەدوێن و هەنگاوەکانی بزووتنەوەکانی خۆیان وێنە دەکەن و دەیخەنە ڕوو، کۆمەڵگاو خاوەنی دەخیل و خاوەنی مافەکانی کۆمەڵن، دەدوێن و قسە دەکەن.

لەلایەکی ترەوە تۆ وەک کەسی بەلایەن ولایەندار و خەتدار هاتویە گۆڕێ. هەر ئەم سەرگەردانی و خۆ گومبوونەتە کە لە تۆمارکردنی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە دەسەلمێنی کە تۆ لە قسە و دانی خیتاب و باسی سیاسی دەترسی،وتەکانی تۆ ئەوە دەردەخەن بۆ هەر خوێنەرێک کە بەدوای چییەوەی. تۆ لەوە دەترسی کە ئەوە خیتاب و وتارن دەبنە هۆی هوشیاری کۆمەڵ و هوزری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرز دەکەنەوە. ئیدی درۆو چاوبەستن، کڵاو سەرنانی کۆمەڵ ئاساننییە. هەر بەپێی قسە و لێکدانەوەی خۆت کۆمەڵە نەبووە، شەری کردوە! کۆمەڵە دەستی بۆ خیتاب و قەڵەم برد و حیزبی تر بوون، کە تەحەموولیان نەکردو بەتفەنگ بەگژیدا چوونەوە. هەر بەپێ قسەو لێکدانەوەکانی تۆ، کۆمەڵە قسەی کردوە! ئەوە کۆمەڵەیە لێرەدا وەک هەموو نووسەرێک زمانی بڕاوە! دەرگای چاپەمەنیان لێبەستوە! کۆگای ڕۆژنامەیان سووتاندوە و کۆڕی سیاسیان

لێ شیواندوە. کۆمەلە، **نوێلدەری سۆبەی ئاوری شەڕی کورد کوژی نەبووە!** کۆمەڵە قسەی کردوە، دەستی بۆ تفەنگ نەبردوە! هەڕەشەی لە هیچ حیزبێکی دیاریکراویش نەکردوە! بەڵکو قسەی لە سەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان کردوە، لەسەر ئەو کێشانەی کە کورد بەدەستیانەوە دەناڵێنێ! ئەم بزووتنەوەیە بەدەسیتانەوە گیرۆدەیە!باسی کردوە و ڕووی لەخیتاب و نووسین کرد کە، بەتفەنگ نەدوێن و ڕوو لە دیالۆگ بکەین! قسەکانی کۆمەڵە فیشەک و باڕوت نەبوون تا گوللەی بەگژابکەن! لەمووقابیلدا ئەوە حیزبی ترە کاکی برا هەڵیکوتاوەتە سەر قسە و وتاری سیاسی کۆمەڵە و ئاوری لە سەنگەری سیاسی کورد بەرداوە؟.

ئەوەی لێرە بەباشی ڕوونە، تۆقینی تۆو ئەوانەی وەک تۆن، لە خیتابی سیاسی و هەڵاتنت لە دۆزینەوەی ڕێگەی دیالۆگ و پوختە بوونی کۆمەڵگا؟ لەڕێگەی باسی سیاسی و قسە. دەنا بۆ لایەنگری تفەنگ و هەڵاواسینی خەڵکی؟ بۆ لە وتارو دوانی قەڵەم بێزاری! دژی وتارو خیتابی سیاسی؟ پەس لەبەر ئەوەیە خیتابی سیاسی و دوانی ناو ڕۆژنامەکان خراپن، بەقاتڵ وئاژاوە گێڕ دەدەیە قەڵەموو بۆ حوکمی کوشتنیان ئۆباڵی بۆدەکێش؟ کوڕنوش بردن بۆ خیتاب و دیالۆگ کورنوش بردنە بۆ ڕاستی. بەڵام داخەکەم قەڵەمی تۆ کوڕنوش بۆ لولەی تفەنگ و زۆرو ناڕستی دەبات؟ ئەمەیە قەڵەمی سەقەت وبیری قسەت، ئەمەیە لێکۆڵینەوەری سەقەت.

ئاخر ئەوە نییە هەموو هاوارمانە! بابە ئەی هاوار!! ئەوە ڕێژیم ڕۆژنامەی فلانی بەست؟ فلان نووسەری خنکاند! فلانی ڕفاند، هەوڵیدا دەستەی نووسەرانی ناوداری ئێرانی لە گەردەنەی حەیران، لەنیوان ئازەربایجان و ئێراندا هەڵدێری و هەموویان بکوژێ لە ساڵی 1375 هەتاویدا؟ فتوای قەتڵی فلان نووسەر دەردەکات! زمانی سەدان ڕۆمان نووس و ئەدیبی لەئێراندا قفلداوە! هاوارمانە کە ئێرشادی ئیسلامی، وەک نیهادێکی کۆنترۆڵی قەڵەم و بیرو باوەڕ، هەرچی ئەو پەسندی نەکات، غەیری مومکینە پێبنێتە سەر شەقام. بەکوتنی،"ئەوە دژی نیزامە؟ ئەوە مونحەتە و بۆچوونی غەربە؟ ئەمە ئیسلامی نییە؟ ئەوە هەوەسی پیاوان هەڵدەستێنی و ژنان توشی بەد حیجابی دەکات. هەر بەیانی هێرش دەکرێتە سەر خاوەنەکەی و سەری بەفەتەڕاتدەبەن؟ زمانی هەر نووسەرو قەڵەمێکی نەیاری خۆیان دەبڕن؟ لەبەر ئەوە نووسەرە و خیتابی تاوانکارانەی داوە؟! بۆیە دەبێ بیکوژن و سەری ببڕن! ئاخر بۆ؟! ئەی هەر لە سەر قسەو خیتاب کۆمەلەیان نەدەکوشتن!! ئیعدامیان نەدەکردن! ئەی هەراو هوریای کورد کوژی کۆمەڵە چییە وەگەڕت خستوە یوبزادە؟

ئەی بۆ ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بەتاوانکار دەزانین؟ تۆ بۆ لە شارەکەی خۆتەوە پەڕەوازەی ئەم وڵاتانە بووی؟ ئەگەر لەترسی نووسەرانی ناڕازی و ڕەخنەگر دژیرژیم ڕاتکردوە و هاتووەیە ئوروپا، تاباشتر دژی قەڵەم قسە بکەی؟ ئەگەر بەدوای ڕاوی قەڵەمەوەی من گللەیت لێناکەم. هەر بۆیە دوای بیست و شەش ساڵ کەوتویە چەواشەی مێژووی کوردستانی ئێران؟ کۆمەڵە کوژی لەسەر قسەو لایەنگری لە ئازادی بەیان و دیفاع لەئەقیدەی سیاسی، لای تۆ پەسندە و بە کورد کوژی دەنووسی! بۆ؟ پەس تۆ لایەنگری تفەنگی و ئەمە تەسیق دەکەی؟ ئەوە دەسەلمێنی کە لێدانی حیزبی دێموکڕات لە کۆمەڵە بەر هەق بووە؟ کوشتی سەدان نووسەر و ئەدیب، کوشتنی ڕوناکبیرانی ئێرانی و ڕاونانی ئەوان لای تۆ پەسندن؟کۆمەڵە کوشتنیش پەسندە،لەبەر ئەوە خیتابی سیاسی و چینایەتی داوە! داوای لێبوردن لێدەکەم،نامەوێ موتەهەمت کەم بەلایەنی خراپ، بەڵام دوانی قەڵەکەت گومان دەخولقێنی!

**کۆمەڵە کوشتن بەرهەقە لەبەر ئەوە پینەو پەڕۆی هۆنیوەتەوە؟** سەیرە ئەم کۆمەڵگایەیی ئێمە چ سەیروسەمەرەیە!!چ داڕمانێکە لەفکر و ئەندێشەی ئەم کەسانەی، ئیدعیای سەربەستی قەلەموو قسە دەکەن! بۆ درکاندنی دەردی دڵی کۆمەڵگا و بۆ هاوارە خنکاوەکانی کۆمەڵ بت

کوژن! ئەی بۆ بۆبڕینی زمانی کورد و غەیرە کورد بەدەستی دوژمن دەگری؟ کەچی بڕینی زمانی کۆمەڵەی پی باشە و دەیسەلمێنیٚ؟ ئەوە دیموکڕاسی خوازیە بەڕاست! کام لە کۆمەڵناسانی دنیا، کام لە داڕێژەرانی بەردی بناخەی دنیای دیلۆگ و قسە، دنیای بەرەو بەیەکەوە ژیان و کۆمەڵگایەکی موتەمەدن، دنیایەکی بەرەو تەحەمولی تاکەکانی کۆمەڵ، ئاوا تیورییەکیان داوە! حیزب،یان فەرد، کەئیدیعای ئازادی بۆخۆی دانا، چۆن کوشتن پەسنددەکات لەسەر قسەو خیتاب؟ ئەم برادەرە لەئاست جمهوری ئیسلامی زمانی ناگەڕی؟ بەڵام کوشتن و ئیعدامی کۆمەڵەی لە سەر قسەکانی لا پەسندە؟ من قەزاوەتی ئەم داوەریە بە خوێنەر دەسپێرم.

بەڵام تۆ ئەیوبزادە،ئەگەر ڕێت کەوتە ناو مەجلیس، لەویٚ قسەی سیاسی وقسە لەسەرلایەنگری، لەئازادی بەیان وڕادەبڕین هاتە پێش؟"دەفەرمووی دەبی دەربڕێنی باوەڕ ئازاد بیٚ! بەڵام هەر بۆ خۆم، نەک بۆ کەسی تر؟ هەموو ڕاوەکەی تۆ بەدوای بەڵگەی کۆمەڵە، یانی کوشتنی کۆمەڵە لە سەر قسەکانی کاری باشە و دەبیٚ پاساوی بۆبدۆزیەوە؟ لەڕوانگەی تۆوە دەبی هەمووی ئەوانەی ڕوولە خیتابی سیاسی و قەڵەم دەکەن، بکوژرێن؟لەبەر ئەوە ئاژاوەیان دروست کردوە. ئایا ئەو خەڵکەی لە سەرداواکانی خۆیان بەند دەکرین؟ تیرەباران دەکرێن، ئەو ژنانەی مەحکوم دەبن بەڕەجم و چاڵیان بۆ هەڵدەکەنن، قازی دادگا و حاکمی شەرع دەبیٚ ئەوەڵ کەس بیٚ، بەردی ڕەجم بەسەری ژنی مەحکومدابدات! ئینجا بەسەدان کەسی دواکەوتوو مێشکی بپڕژێنن؟ دوان لە سەر نەمانی ئەم فەرهەنگە جورمە! قسە لە سەربڕین و داخکردنی ژن جورمە؟ باسی مەسەلەی ناعەداڵەتی کۆمەڵگاو پێشێلکردنی سەرەتایترین مافی ئینسانەکان! هەمووی لای تۆ جورمن؟ لەبەر ئەوە ناوی خیتابی چینایەتی لەسەرە؟. ئەو حیزبەی ئیدیعای دیموکڕاسیان هەیە، دەبیٚ بە شەڕ و کوشتار وەڵامی نەیاریی خۆیان بدنەوە و نووسەر و لێکۆڵەوەری ئاواش! خەتاکان هەڵدەسەنگێن!

ئەیوبزادە لەبیرخۆی دەباتەوە کە، خیتابی چینایەتی، وەک هەر خیتابێکی تر،باسی ڕای خۆی دەکات،نێتی ئەو ئینسانە بەیاندەکات، کە باوەڕی پێیەتی و باسی خاڵە نەگبەتیەکانی ناو کۆمەڵ دەکات. فتوای کوشتنی خاوەنەکەی، چ فەرقی لەگەڵ کوشتنی خاوەن قەڵەمێکی ڕەخنەگرە؟ لێرە ئەیوبزادەش چۆتە خانەی ستەمکاران، بۆیە ئەویش بۆتە قازی و بەردی ڕەجمکردنی کۆمەڵە و دژی چەپی هەڵگرتووە.

ئەمهەڵسەنگاندنە،هەڵسەنگاندنی لایەنی دیارەو خەتابارکردنی ئاشکرای کۆمەڵەیە؟ لەم قاڵبەدا نووسەر دژایەتی خۆی لە دژی بەرەی چەپ و سوسیالیست، لە دژی بوونی باوەڕی چەپ و چینی ژێردەست بەباشی نیشانداوەو هاتۆتە گۆڕیٚ. ئەیوبزادە بوونی چەپ، بوونی ناوی چینایەتی و ناوهێنانی چینەکان بە سەبەبی شەڕ دەزانیٚ؟ کۆمەڵە بەوە تاوانبار دەکات، کە بەخیتابی چینایەیی هەوڵی هەڵخڕاندنی خەڵک بووە! لەم ڕێگایەوە هێرش دەکاتە سەر چەپو مەشروعییەت بەکوشتنی کۆمەڵەیەکان دەدات،ناوهێنانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەیکاتە تاوان و لەملی کۆمەڵەی دەکاو ڕەوایەتی برا کوژی پێدەدات! ئەمەیە خۆش خزمەتی بەزۆرو دەرکەوتنی کوڕنوشبەرانی دژی مافی مرۆڤ و ئازادی.

نووسراوەکەی ئەیوبزادەو زۆری تری لەم چەشنە، کە دێنە دوان لە سەر شەڕی حیزبی دیموکڕات دژی کۆمەڵە، خێرا ناوی چین و چینایەتیی و کرێکار دێننە گۆڕیٚ؟ خەتای ئەسڵی و تاوانی بوونی ئەو شەڕە! هەڵگیرسانی هەمووی ئەم نەگبەتییانە، بەم فکرەوە دەچەسپێن؟ ناوهێنانی چینی هەژاری کوردستان! بە موسەبیبی شەڕ و ئاژاوە دێتە گۆڕیٚ؟ خەڵکێک کە لە سەر داوای خۆی هەموو ڕۆژ دەیکوژن! لەم خیتاب و نووسراوانەدا، بونەتە مەبەست وکردویانەتە هۆی ئەم شەڕە؟ لەڕوانگەی ئەم داوەرانەوە، ئەگەر ئەم خیتابە نەبوایە؟ کورد قەت

شەڕی نەدەکرد؟ لولەی تفەنگی لەیەک نەدەکرد و دەستی ئاشتی و سوڵحی ئەبەدی لەملی یەک دەکرد؟

بەڵێ بەلەدایک بوونی ئەم کۆمەڵە دەمدڕاوەوە! کورد کوژی هاتە گۆڕی!! دەنا کوا شتی وا بووە لەم مێژووەدا بووە! "لەو ڕۆژەی ڕواڵەتی نگریسی! پێشڕەو هاتە سەر ئەرزی کوردستان" ئەم کێشانە لە نێوان کوردا دروست بوون؟ دەنا کۆمەڵگای کوردی و حیزبی کوردی ئەمەی بە خەون نەدەدیی. حیزب و خێڵ و هۆزەکانی کورد، قەت ئاوا هەڵنەستاون دژی یەک و بڕبڕەیی پشتی یەک بوون؟ ئەم کوردستانە بە لەدایک بوونی ڕۆژنامەیەک، بەتینی کۆتەرەدارەکانی خیتابی چینایەتی، وەک شیری سەر ئاوری داخ هەڵچوو؟! لیکدانەوەی مێژوو لای ئەم لێکۆڵەوەرانە؟ سەلیقەییە! هەر کەس چۆنی لامەبەستە! سەتڵی ئەقڵی دەداتە بەر پلوسکی مێژوو، بەکەیفی خۆی پڕی دەکات، ئیدی ئەوەی هەنگاوی بۆ خزمەت و گەشەی کۆمەڵگا هەڵگرتووە! جار بە جەهەندەم. ئەوە ئاژاوەگێڕو مونحەتە، دەبی سەری پانکرێتەوە.

خیتابی چینایەتی پێشڕەو، ڕۆژنامەی کۆمەڵەیە!! بۆتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی کورد کوژی! عەجەب شاسەلیم بازی جەنابیئەیوبزادە؟ بەدواداچونی بەڵگەنامەکان بۆ نایسنی هەموو کێشەکانی کوردستان و ناسین وەدەرخستنی هۆی کێشەکان؟ وەدەرخستنی هۆی هەرەس هاتنی هەموو هەوڵەکان؟ بەڕاستی بەڵگەناسی بە شیوەی ئەیوبزادە دەبێ؟ و هەر واش دەبێ لە ژێر ناوی شەڕ، دژی چەپ و چینەکان بدوێ.

پێشڕەو وەک هەوو ڕۆژنامەیەکی تر کەلەخزمەت هەدەفی خۆیدابووە، کاری حیزبی خۆی کردوە. ئەیوبزادە وریایانە دەیەوێت وەک هەموو کەسێکی بەرچاوتەنگ،هێرشیئاژاوەگێڕی بکاتە سەر چینی زەحمەتکێش،لەپاڵ ئەوەش کۆمەڵە وەبەردەدات. ئەیوبزادە دەڵی"**پێشڕە کاری نوێڵدانی سۆبەی شەڕی براکوژی بوو؟**"

جارێ ڕوون نییە برا لەڕوانگەی ئەم مێژوو نووسەوە چیە؟ لەمێژووی کوردا زۆرن لەو برایانەی،چاوی برای خۆیان دەرهێناوە و کوشتویانن و سەربەنیستیانکردون، سەروەت و ژیانیان بەتالان بردون. دوایی ژنەکانیشیان لەخۆیان مارە کردۆتەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم تۆ دەزانی براکانی بابان لە دۆڵی قەڵاچوالان لەکاتی دەسەڵاتیاندا، چل ساڵ دژی یەک شەڕیان کرد لەسەر دەسەڵات و یەکیان کوێرکردو یەکیان کوشت، ئەوە برا بوون؟ لە بزووتنەوە دیارەکانی تری وەک بزووتنەوەی بەدرخان لە کوردستانی تورکییە،کە هەموو لێکۆڵینەوەکان و نووسەران و مێژووناسان، لەسەر بزووتنەوە کوردییەکان، ئەوەیان دەرخستوە کە بزووتنەوەی بەدرخانی "بتلیسی"، لەساڵی 1818دا کە دەستی پێکرد، تا ئێستا گەورەترین حەرەکەت بووە، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەر بەخۆی کورد. ئەم بزووتنەوەیە کاری بەنرخی کرد، دەهات هەنگاو بۆ پێهێنانی دەوڵەتی کوردی هەڵگرێ، کاری گەورەی بۆ کردو هەنگاوی بەنرخی هەڵهێنا. دروست لەسەر سیستمی دامەزراندنی ئەرێستوکراتەکانی ئەڵمان،ئیتالیا، ئینگلیس، هەر بەو قەوارە دەچوە پێش، بۆ بونیادنانی دەوڵەتی میللی کورد. ئەم بزووتنەوەیە لەو سەر دەمەدا سکەی لێدا، ئاڵای خۆی بوو، لەشکری بوو. ئەم دەسەڵاتە دەهات خۆی دەرخات و هەموو هۆزەکانی ئەوکات لەدەوری خۆی کۆکاتەوە، کە تائەندازەیەکی زۆر سەرکەوتووش بوو. بەڵام لەکاتی گەرمەی شەڕدا، لەکاتی ئەوەی بزووتنەوەی کوردی پێویستی بەیەک ڕیزیبوو، هەر لەو ساتەناسک و پڕخەتەرەدا، ئامۆزای خودی بەدرخان، بەناوی یەزدانشێر، خیانەتی کردو بووە پیاوی سوڵتانی عوسمانی و پشتی بزووتنەوەکەی شکاند بۆ سەدان ساڵ! ئەمە سەدو هەشتاو چەند ساڵ لەمەو بەرە. خۆ خیتابی چینایەتی و ئەم پینەو پەڕۆیانەش لەگۆڕێ نەبوون! تا لایەنێکێ ئەم برایانەی پی هەڵخەڵەتێ و ئاوا بکەوەنە شەڕی برا کوژی.

بەڵام لیرە لای ئەم تازە کوردە جۆرێکی ترە؟ برا لەڕوانگەی ئەیوبزادە هەڵخڕاندنی ئیحساسی غەیرە سیاسی و نامەنتیقییە. ئەم زاتە زۆر ڕودارانە دیفاع لە کۆمەڵگایەکی پیاو سالار دەکات،وەک سەرۆک عەشیرەیەک، کە دەبێ کوڕی زۆربێ و وەچەبخەنەوە بۆ دیفاع لەیەک و لە موقابیلی هێرشی نەیاردا بە هێزبن. برا وەک جنسی پیاو دەبێتە موقەدەس خاوەن دەسەڵات و موڵک و بڕیاردەر،. ئیحساسی کۆنی پێهەڵدەخڕێندرێ، و دژی لایەنی موخالیف هاندەدرێن.
ئەم کارە دژی هەر هەنگاوێکی مۆدێرن و پێشکەوتوخوازانەیە، کە کۆمەڵگا بەگشتی، بەژن وپیاوەوە دەوریان هەیەو یاسا و موراڵ زاڵە و دەوری هەیە. برا و دەسەڵاتی پیاو مەزنی بای دوو شایی لەم کۆمەڵگایانەدا قیمەتی نامێنێ. بەڵام ئەیوبزادە بۆ خۆشکردنی ئاوری شەڕ دژی بەرەی کۆمەڵە و بۆ مەحکومکردنی لەم کێشانەدا، پەنادەباتە بەر دواکەوتوترین مەسەلە کە باوی نەماوە! ئێمە لەم مێژوودا ئەم جۆرە باس و خیتابانەمان کەم گوێ لێنەبووە، دژی ئەوانەی قسە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن و باسی نوێیان پێیە، بەم قەڵەمانش کە لەخزمەت نەیاری ئازادی و دیموکڕایدایە بەگژیاندا دەچنەوە. بەردەبنە بوختان و کوتنی بابەتە ناسیاسی و دوورخستنەوەی زێهنی کۆمەڵگا، لەسەرمەسائیلی مەربووت بەداهاتوو و شۆڕشەکەیان. بۆیەش ئەیوبزادە لە دژیان ڕادەوەستێ و چۆن پەنا دەباتە بەر پڕوپاگەندەی خراپ وخەڵکهەڵخەڵەتێن. دەنا ئەیوبزادە باش دەزانێ! ئەو لەوڵاتێک دەژی دەزانێ براو خوشک هەردووکیان چۆنن لەموقابیلی یاسادا، لەموقابیلی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەر مەسەلەیەکی تر. ئەگەر شەڕیش بێتە پێش خوشک و برا دەبێ وەک یەک، لیباسی سەربازی لەبەر کەن. ئیدی پیاو ژن، خوشک و برا، وەک جنسی جیاواز مانای نییە. ئەیوبزادە هەرکات سەری ئیدارەی محەلەکەیدا ئەمە دەبینێ. بەڵام لێرە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەو پێویستی بەم خیتابەیە بەناوی براوە، کە دایم بۆ فریودانی جەماوەر و خۆ پەڕاندنەوەی شەڕ خوازان، دەرخواردی کۆمەڵگای دەدرێ.
هەر بۆ تەواوکەری ئەم قسەیەم ئەوە زیاددەکەم کە، مەسەلەن بەیانی بچۆ لەگەڵ ئایەتولایەکی ڕەژیم دانیشە بۆ وتووێژ، ئەو دەست بەڕیشدا دەهێنێ و دەڵێ" برادەری من، ئێمە هەموو برای یەکین، خودا قبووڵی نییە شەرمان بێ! ئێمە ڕۆڵەی ئادەموو حەواین! لەیەک شیر گۆچکراوین، چۆن بەقسەی ئەجانب! یەک بکوژین. بەڵام هەر ئەم زاتە تا دوێنێ ئەم برایەی بەخائین و پیس دەزانیی وپیلانی کوشتنی بۆدادەڕشت. ئەم پڕوپاگەندانەن دژی ئەخلاقی ئینسانی و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا دەوەستنەوە. هەوڵدەدەن ئەسڵی مەسەلەکان بشێوێنن و بەناوی لێکۆڵینەوەوە، مێژوو لێڵ کەن.
شەڕی نێوان هەموو حیزبی کوردی،یان شەڕی براکوژی بە قەولی تۆ،"کە من دەڵێم وانییە". یەگجار کۆنتر لەوەیە کە تۆ ڕەنگە کتێبەکانیشیت نەخوێندبێتەوە. شەڕی نێوان خێل و عەشیرە و تایفەو هۆزە کوردیەکان بۆ سەدان وبگرە هەزاران ساڵ لەمەوبەر دژی یەک دەگەڕێتەوە!! حیکایەتی مەموزین نووسینی" ئەحمەدی خانی"باسی شەڕی کورد لەگەڵ یەکە،باسی ژانی نەحەواوەیی کوردە! باسی یەک کوشتن و خیانەت و نۆکەریە! باسی پیلان و خۆ فرۆشیە. ئەوە حیکایەتە هەر چەندە لە چوارچێوی ئەوینی مەموزیندا کوتراوە، بەڵام کوتنی ڕاستی ئەو مێژووە خوێناوییە کە تۆ نایزانی. ئەیوبزادە ئەگەر مێژووی کوردت نەخوێندۆتەوە من گلەیت لیناکەم. شەڕی کورد و شەری ناوخۆی کورد هیچ ڕەبتی بە کومونیست و سوسیالیست و زەحمەتکێشەوە نییە، ڕەبتی بەخیتابی چینایەتیەوە نییە و نەبووە.
شەڕی ناو خۆیی، هەموو خوێن ڕێژیەکان، شەڕی دەسەڵات، شەڕی خۆ فەڕزکردن،و داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆنن، باوەری ئەرەیستوکڕاسیەتی فۆئداڵی و ناسویناڵزمی حیزبی

عەشیرەی بووە. مێژووی کورد ئەوە دەسەلمێنی کە، شەڕی ناو خۆی کورد لە سەر شەڕی چینایەتیی، یان شەڕی چەپ نەبووە!هەر ئەم پێنجسەدساڵەی ڕابردوو چاو لێکە؟ لاپەڕەکانی ئەم بزووتنەوانە هەڵدەوە، تا قسەت بۆبکەن. نەک کێشەکانی کۆنترو خوێناویتری پێش ئەوان؟

نزیک پازدە ساڵ شەڕی پارتی و یەکێتی، لەکوردستانی ئێراق، شەڕی ناو خۆی کوردەکانی تورکییە و سەرکوتی حیزبەکوردیەکان لەلایەن پێکاکاوە، بەئاور نوێڵدانی سۆبەی پێشڕەو بووە؟ بەخیتابی چینایەتی بوون! جەناب ئێستا ڕۆژنامەی پێشڕەو ناوی نەبوو، حیزبی دێموکڕات هەڵیدەکوتایە سەر کۆمەڵە؟ لەسەر کێشەی دەربڕینی باوەڕەکانت، لەسەر کێشەی ژنان، لەسەر کێشەی زەوی، لەسەر هاتوچۆی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە،شەڕی دروست دەکرد!! هەڕەشەی لەکۆمەڵە دەکرد کە" دەبێ بەئیجازەی حیزب هاتوچو بکەن، وایلێ هاتبوو کە، حیزب دەیکوت"کارتی هاتووچۆ بۆ کۆمەڵە سادر دەکەم؟" دەیکوت" من وەک حیزبی سەرەکی بۆتان دیاری دەکەم، چۆن تەبلیغات دەکەن، لە کوێ دەبن و هەزار پەڵپو بەهانەی ڕێگیری دەهێنایە گۆڕێ!!! ئایە تۆ ئەمانەت وەک بەڵگە هەڵداونەوە تا تێبگەی؟ و بزانی کێشەی خیتابی چینایەتیی و پینەوپەڕۆی تیوریک نەبوون، کە ئەم کێشانە هەر بوون؟ خۆ ناوی پێشڕەو لەگۆڕێ نەبوو ئەو کاتە. ئەیوبزادە تۆ دەزانی،ئاگاهانە لە هەر سەرێکەوە پێت خۆش بووە لەم مێژووەت قرتاندوە!!

ئەم قسانەی تۆ، قسەی ئەوانەیە کە، دەڵێن" بەڵێ تئۆری خراپی حیزبی کومونیستی ئێران بوونە هۆی تیژ بوونی حیزبی دێموکڕات بۆ شەڕی ناو خۆی؟" ئێستاش ئەیوبزادە دەڵی"**پێشڕەو بەمەستی ئەوە، توانیبێتی هەرچی زیاتر مەشروعییەت و ڕەوایەتی بەشەڕی براکوژی بدات، گشت پڤ و وشە وخیتابی خۆی بۆ تەرخانکردبوو".**

ئەم پڕوپاگەندانە بەغەیری دژی بزووتنەوەی چەپ نەبی و دژی ڕادیکاڵیزم قسەی نەکردبێ، هیچی تری نەکوتە. ئەمە شەڕی دژی بەرەی چەپە نە هیچی تر. لابردنی باری مەسئولیەتە کە، تا دوێنێ لە سەر شانیان بوو، تیدا بەجۆرێک دیاربوون، ئەمڕۆکەش بۆ دیار بوون لە بوارێکی ترو بیانەوێت خۆ لەم قەیرانانە بدزنەوە؟ پاساوی تیوری بۆ دەتاشن. زۆری ئەوانەی ئەم ئیدیعایەیان هەیە، لە سەر دەمایەکدا هەر خۆیان ناوبژی وان بوون،لایەنی کێشە جوابی نەدەدانەوە! ئەوانە بێلایەن و دوور نەبوون، بەڵام بەگۆڕانی ڕۆژ؟ چەواشەی مێژوو دەکەن.

بەهەرحاڵ،کێشەی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکڕات،کێشەی دوو حیزب بوو لەسەر ئازدی بەیان،لەسەر قبووڵی دێموکوڕاسی وقبووڵی یەک، لەسەر نەمانی دەسەڵاتی تاک حیزبی، لە سەر ئازاد بوونی ڕادەربڕین، لە سەر بەرابەری ژن و پیاو، لەسەر ئازادی تاکە کەس، لە سەر ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی و سەدانی شتی تر بوون!! نەک شەڕی نێوان پڕۆڵتاریاو بورژازی.

من ئیعتیڕاف دەکەم کە،لەم کێشەدا کۆمەڵەش هەڵەی بووە و بەش بەحاڵی خۆشی خەتای بووە. بەفەرز کۆمەڵە دەبوو لە سەر دانانی مقەڕێک لە ئاواییەک خۆی لادایە لە کێشە لەگەڵ حیزبی دێموکرات. ئەمانە هەڵەنو خەتای کۆمەڵەش دەبێ دیار بێ. بەڵام ئەوەش دیار بێ کە،کۆمەڵە قەت بە هیچ هێز و حیزبێکی نەکوت" من بۆتی دیاری دەکەم چی دەڵێ، بۆتی دیاری دەکەم چەندە پی درێژی بکات،یان کێ لە ڕۆژنامەکەیدا چی دەنووسێ؟ کێ چۆن باسی سیاسی و باوەڕەکانی بڵاودەکاتەوە. کۆمەڵە لەسەر ئەم قسانە و بۆ دیفاع لەمانەیە! بەشەڕ خواز و بە نوێڵدەری سۆبەکەی ئەیوبزادە موتەهەم دەبێ و بووە!

کۆمەڵە دایم قسەی ئەوە بووە کە" هەموو کەس مافی ڕادەربڕینی ئازاد و سەر بەخۆی دەبێ ببێ! دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە بوونی ئازادی بۆ دەربڕینی داواکانی خۆیان پارێزراوبن،

هەموو کەس لە پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆی ئازادە، دەبێ کەرامەتی تاک پارێزراوبێ، هەموو کەس لە هەڵبژاردنی حیزب و سیاسەت و مەزهەبدا سەربەستبن، مەزهەب ئەمری تایبەت و خوسوسی ئەفرادە، ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە. ئەمە سەر خەتی داوای کۆمەڵە بوون، لە ئەوەڵ ڕۆژی پێنانە ناو خەباتی سیاسی خۆیەوە.
کێشەی حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە و ڕەشەکوژیەکانی ئەو حیزبە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، گرتن و زیندانی کردنی لایەنگران؟ ئیعدامکردنیلایەنگرانی کۆمەڵە؟ گرتنی شوڕایی هەڵبژێردراوی خەڵکی لەئاواییەکان، زیندانی کردنی دەیان لایەنگر و پێشمەرگەی کۆمەڵە! هەمووی لەسەر کێشەی دەسەڵات و پێشگیری لە ڕادەربڕین بووە؟ ئەمانە هیچ پەیوەندیەکیان بە شەڕی چینەکانەوە نیە!! پەیوەندیان بە قسەی ناو پێشڕەوەوە نیە!! ئەوەی ئەم تئۆرییە دەتاشێ، خۆشیرنکردنی دوای هەرەسە و بەس.